# جیفری بیڵز

## ڕاوێژکاری سیاسی سەفارەتی ئەمریکا لە عێراق بۆ لڤین

# تا ئێستا لەناو کورددا کلتوری شۆڕشگێڕانە زاڵە

**دیداری ئیسماعیل ئیبراهیم – تایبەت بە لڤین - بەغدا**

**جیفری بێڵز ڕاوێژکاری سیاسی لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەغدا، لە دایك بووی ساڵی ( ١٩٧٦ )ە، لە دورگەی مانهاتن لە ویلایەتی نیویۆرك، ئامادەیی گشتی لە نیویۆرك خوێندووەو زانکۆی هاربریتی بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە ماساچوتیس تەواوکردووەو پاشان بڕوانامەی ماستەری لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە لە بواری توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وەکو نووسەر لە بواری گەشت و گوزار کاری کردووە و ڕێبەرێکی گەشتیاری لەسەر میسر نووسیوە بۆ گەشتیارانی بیانی بە ناوی ( بابڕۆین بۆ میسر )، هەروەها وتاری ڕۆشنبیری دیسان بۆ بیانیەکان نووسیوە لە گۆڤارە میسرییەکان. جیفری ژنی نەهێناوەو ئەندام نییە لە هیچ پارتێکی سیاسی ئەمریکی. لە ساڵی ( ٢٠٠١ )ەوە لە ئیدارەی ئەمریکیدا کاردەکات، پێشتر وەکو دیپلۆمات لە قودس کاریکردوە و بەشداریکردووە لە پرۆسەی نەخشەی ڕێگاو ئاسانکردنی دانوستانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان. پاشان ماوەیەك وەکو فەرمانبەر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووەو دواتر هاتووە بۆ عێراق، یەکەم کار کەلە عێراق وەریگرتووە بریتیە لە ڕێکخەر ( منسق ) لە نێوان باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق و ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی عێراق و پاشانیش کۆمەڵەی نیشتمانی، دواتر لە کاتی نوسینەوەی ڕەشنووسی دەستور ڕاوێژکار بووە لە شاندی ئەمریکا بۆ بەدواداچوونی ئەم کارەو پاشان بە ڕەسمی وەك ڕاوێژکاری سیاسی لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق دەست بەکار بووە.**



دەشێت ئاین و دیموکراسی یەکتری بەهێز بکەن

**لڤین: سیاسەتی ئەمریکی لە عیراق و ناوچەکە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا چیە؟**

جیفری: بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە بەدیهاتنی ئارامی و ئاسایش و ژیانی ئازادو ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لەلایەن دامودەزگا حکومیەکانەوەو هاوکاریکردنی تەواو بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر و دامەزراندنی پەیوەندی باش لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسی لە نێوان گەلانی ناوچەکەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**لڤین: ئەی دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەت و ئیدارەکان؟**

جیفری: ئەمە پەیوەندی هەیە بە هەریەك لە حکومەتەکانەوە و ئەو پەیوەندییە تایبەتیەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەیەتی لەگەڵ ئەو حکومەتانە. هێڵی گشتی بریتیە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێکهێنانی ئەو دامودەزگایانەی کە توانای

بەرگریکردنی هەبێت لە مافەکانی میللەت و بەدیهێنانی بنەما لیبرالیەکان و ئازادی بیرورا.

**لڤین: تێڕوانینی ئەمریکا لە پێکهینانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، یان ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا هەبێت یاخود ئەو کارانەی کە دەبێت ئەنجامی بدات چیە ؟**

جیفری: ئەم حکومەتە لەبارێکی تایبەت و ناوازەو کاتێکی چارەنوسسازدایە لە مێژووی عێراق بەو پێیەی زۆربەی حکومەتەکانی وڵاتان لە جیهاندا سەرپەرشتی کاروباری وڵاتەکەیان دەکەیت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پاشان هەڵبژاردن بۆ حکومەتێکی نوێ دەکرێت و دەسەڵات دەگوازرێتەوە بۆ حکومەتێکی نوێ، بەڵام حکومەتی نوێی عێراق ئەرکی تەنها بریتی نییە لە سەرپەرشتی کاروباری وڵات بەڵکو دامەزراندنی دامودەزگای نوێشی لە ئەستۆیە.

**لڤین: هەڵبژاردنی ١٢/١٥ چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

جیفری: دوا هەڵبژاردنی عێراق سەرکەوتنێکی گەورە بوو بەڵام سەرکەوتنی یەکجاری نەبوو چونکە زۆربەی عێراقیەکان هیوادارن کە حکومەتێك پێك بێت سەرپەرشتی مافی هەمووان بکات و مافی بەشێك لە دانیشتوان نەدات بە بەشێکی ترو کار بکات بۆ بەرژەوەندی وڵات و عێراق بە یەکسانی و دادپەروانە، بە تایبەت لە بواری سامانە سروشتیەکان. هەر یەکێك لە پێکهاتە عێراقیەکان لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بۆ بەرگری لە خۆی دەنگی دا نەك بۆ بەرگری لە نیشتمان، زۆرێك لە هاوڵاتیانی کورد و سوننەو شیعە لەوە دەترسان کە پەراوێز بخرێن، بۆیە ناسنامەی خۆیان سەلماند، بەڵام ئەوەیان نەخستەڕوو کامە ڕژێم یان سیاسەت باشە، لە ڕژێمی کامڵ و لە بوونی دیموکراتیدا هەموو لایەنەکان بەرنامەی ڕکابەری سیاسی دەخەنە ڕوو لە کۆتایی هەڵبژاردندا دەردەکەوێت گەل چی دەوێت؟

**لڤین: بە واتا هەڵبژاردن زیاتر لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی بوو تاوەکو لەسەر بنەمای پڕۆژەی سیاسی بێت؟**

جیفری: مەبەستم ئەوەیە لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی کامڵ بووە وێنەی سیاسی وڵات دەکێشرێت لە ڕێی هەڵبژاردنەوەو گەل دەنگ دەدات بە سیاسەتێکی دیاریکراو، بەو پێیەی هەڵبژاردنی عێراق لە سەر بنەمای مەزهەبی بوو زیاتر وەك لەسەر بنەمای سیاسی بێت هێشتا زۆرێك لە پرسیارە هەڵواسراوەکان چارەسەر نەبووە کە لە گۆڕپانەکە هەیە دەربارەی ئایا سیاسەتی وڵات و وەزارەتەکان چیە. ئەمەش مانای وایە کە قۆناغی بنیاتنان بۆ عێراق بە گشتی هێشتا بەردەوامەو دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە بکەین.

**لڤین: ڕات چیە دەربارەی ئەوانەی پێیان وایە سیاسەتی ئەمریکی لە ناوچەکەدا شکستی هێناوە؟**

جیفری: با چاو بخشێنینەوە بە عێراق خۆیدا نەك بە وڵاتە یەکگرتووەکان، چونکە داهاتووی عێراق پەیوەندی هەیە بە عێراق خۆی، من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پرسیارێکی تر ئەخەمە ڕوو، ئایا پڕۆژەی عیراقی لە عێراق سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟ بەبێ لەبەرچاوگرتنی وڵاتە یەکگرتووەکان گەلێك هەیە لە عێراق دەبێت بژی و ئاشتی و ئارامی بەدەست بهێنێ لە وڵات و دەوڵەت بنیات بنێ.

**لڤین: باشە وڵاتە یەکگرتووەکان لە چ ڕوویەکەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو لە چیدا شکستی هێناوە؟**

جیفری: مێژوو نووسێکی هاوچەرخی بەناوبانگی چینی هەیە لەم دواییەدا لێیان پرسی، ئایا دەرئەنجامی شۆڕشی فەرەنسی چیە؟ لە وەڵامدا ووتی: هێشتا زووە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە! ئەم وەڵامە لەلایەکەوە وەك گاڵتەجاری وایە چونکە چەند سەدەیەك تێپەڕیوەو هێشتا نایەوێت هیچ شتێك هەڵبسەنگێنێت. بەڵام جۆرێك لە دانایی لەم وەڵامەدا هەیە، هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا وڵاتە یەکگرتووەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە یان شکستی هێناوە، هەڵەکان چین؟ پێم وایە ئەم پرسیارە بە درێژایی مێژوو بوونی دەبێت و دەرەنجامەکانیشی هەر بەردەوام دەبێت. من پێم وایە بۆ سیاسەت وەڵامی ئەم پرسیارە هێشتا زووە، بەڵام سەبارەت بە ئامادەباشی بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە داڕێژرابوو هەروەها سەرخستنی ئەو سیاسەتە، بێگومان هەڵسەنگاندنی باری ناوخۆی عێراق بە تەواوی نەکرابوو چونکە عێراق پێشتر وەك بەندیخانەیەکی گەورە وابوو هیچ زانیاریەکی لێ دەرنەدەچوو، تەنانەت ئەو عێراقیانەش کە لە دەرەوەی وڵات بوون نەیاندەزانی لە ناوخۆ چی دەگوزەرێ. وڵاتە یەکگرتووەکانیش دەیناڵان بەدەست کەمی زانیاری و بە هۆی ئەم تەمومژە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراقی نەدەزانی لەبەر ئەوە چەند هەڵەی ئەنجامداوە.

**لڤین: ئەمریکا مەترسی دروستبونی دەوڵەتیکی دینی ناکات وەکو ئەوەی لە ئێراندا هەیە؟**

جیفری: من هەر لەسەرەتاوە ئەو بۆچوونەم پێ ڕەوا نیە کە پێی وایە دین و دیموکراسی پێچەوانەی یەکترن لە عێراقدا، ئەو دوو بنەمایە دەکرێت پێکەوە بن تەنانەت دەکرێت هەر یەکێکیان ئەوی تریان بەهێز بکات، وە هێشتا زووە بڵێین سروشتی حکومەتی عێراقی چۆن دەبێت، من دەتوانم پێت بڵێم کە بنەمای حکومەتی عێراقی دەستووری عێراقیەو ئاییندەشی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ئەم

دەستووره. ئەم دەستوورەش پێویستە گەلی عێراق شانازی پێوە بکات، چونکە دەستوورێکی دیموکراسیە و سەرجەم مافەکان مسۆگەر دەکات، ئەگەر بەدوای پێکهێنانی حکومەت ئەم دەستوورە جێبەجێ بکرێت، سەرکەوتوو دەبێت لە بەدیهێنانی دیموکراسی.

**لڤین: بەڵام چۆن نووسینەوەی دەستوور کارێکی گران بوو، ئایا جێبەجێکردنیشی خەباتی ناوێت؟**

شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە، نووسینەوەی



دەستوور تەنها هەنگاوێك بوولە پرۆسەیەکی دوورودرێژ. ئەزموونی ئەمریکی ئەمە دەردەخات، یەکەم دەستوور نووسرایەوە دوای سەربەخۆیی ولاتە یەکگرتووەکان، پاشان ئەم دەستوورەیان وەلاناو دەستوورێکی نوێیان نووسیەوە لە ساڵی (١٧٨٧)بەهۆی کەموکوڕی لە دەستووری یەکەم، تەنانەت ئەم دەستوورەش ٢٥ جار هەموار (تعدیل) کراوە. بۆیە دەستوور دەبێت پەیماننامەیەکی زیندوو بێت و جێی مشتومڕ بێت و مرونەتی تێدابێت تاوەکو لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە ولات پێیدا دەڕوات بگونجێت بە درێژایی مێژوو.

**لڤین: پێتان وایە سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر پارتە ئیسلامیەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەم چەند ساڵەی دوایی بەرەو مامەڵەکردن لەگەڵیاندا؟**

جیفری: پێم وایە لە عێراق و بە گشتیش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گەلێ ڕژێمی توندوتیژو سەرکەش هەیە کە ڕێنادەن گەلەکانیان بە تەواوی ئازادییەکان شاد بن، باشترین هۆکاریش کە لە مێژووی ڕۆژئاوا پێی گەیشتبین بۆ بەدیهاتنی ئازادیەکان میکانیزمی دامودەزگا مەدەنیەکانە کە سەربەخۆ لە حکومەت کار دەکات و هەوڵ دەدات فشار بۆحکومەت بهێنێ لە ڕوویەکی ترەوە. بە داخەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕژێمەکان ئەم دامودەزگایانەیان سەرکوت کردووە هەروەك میللەتەکانیشیان سەرکوت کردووەو ڕێی نەداوە دامودەزگای سەربەخۆ لە حکومەت دروست ببێت، هەموو شتێکیان دەستبەسەردا گرتووە تاوەکو بەشێك بێت لە حکومەت، ئەوەی کە تێبینی دەکەین ئەوەیە کە تا ئێستا تۆڕێکی ئایینی هەیە، لەبەرئەوەی ئایین ناکرێت لەلایەن هیچ حکومەتێکەوە ستەمی لێبکرێت چونکە لە دڵ و بیری خەڵکدایەو پێم وایە ئەم تۆڕە یان ڕێکخراوە ئایینیانە کە بوونیان هەیە تەنانەت دوای ئەم ستەمەش دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرو ناوازەیان هەبێت لە بەرگریکردن لە مافەکانی هاوڵاتیان و پاڵنان بە حکومەت و سیاسەتی ولات بەرەو ڕێزگرتنی مافەکان و بنەبڕکردنی گەندەڵی، هەربۆیە بۆمان دەرکەوتووە کە زۆرێك لە دامودەزگا ئایینیەکان ڕۆڵێك دەبینن کە سەد دەر سەد هاوکۆکە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی.

**لڤین: پێتان وایە سیستمی فیدراڵی لەعیراقدا توانای جێبەجێبوونی هەبێت؟**

جیفری: بەڵی وابزانم پێشوازیەکی

**له عێراقدا تەمەنی مناڵی دزراوە ، پێشتر سەدام و ئێستاش تیرۆرستان ئەو کارە دەکەن ، ئەمە هەر رفاندنی ئێستا نییە بەڵکو رفاندنی داهاتووشە**

بەرفراوان هەیە وەك بنەمایەك کە دەتوانێت ویستی زۆرێك لەلایەنەکان بەدیبهێنێ.

**لڤین: بەڵام کەسانێك بڕوایان وایە کە پێکهێنانی هەرێمێك لە باشووری عێراق مەترسی بۆ عێراق دروست دەکات؟**

جیفری: هەربۆیە پێویستە مشتومڕێکی بەرفراوانتر بکرێت لە نێو خەڵك، یەکەم بۆ ڕاڤەکردنی بنەمای فیدڕاڵی، چونکە یەکسانکردنی فیدڕاڵیەت بە پارچەپارچەکردن ڕاست نیەو لەسەر تێگەیشتنی هەڵە دامەزراوە، هەروەها دەبێت ئەم بنەمایە بە ووریایی جێبەجێبکرێت و پەلەی تێدانەکرێت چونکە پڕۆژەی داهاتووی دوورەو دەرمانێك نیە بە قوتتدانی لە چرکەساتێکدا کێشەکان چارەسەربکات.

**لڤین: شیکردنەوەتان چیە دەربارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری سامەڕاو ئەو کاردانەوانەی بەدوایدا هات، ئایا لە زنجیرەی کارە تیرۆریستیەکانە، یان نامەیەکە پەیوەندیدارە بە پێکهێنانی حکومەتی ئایندە؟**

جیفری: ئەو کەسانەی کە ئەم کارەیان ئەنجامداوە تا ئێستا ڕوون نییە کێن، بەڵام ئامانجەکان ئاشکران کە بریتیە لە چاندنی دووبەرەکی لە عێراقداو جاڕدان بۆ شەڕی ناوخۆو دووبەرەکی کە ڕێگربێت لە دەرکەوتنی هەر حکومەتێکی نوێ و عێراقی دیموکراسی، من پێم وایە ئەم پیلانە شکست دێنێ ئەگەر عێراقیەکان یەکبگرن لە دژی.

**لڤین : پێشبینیتان چۆنە لەسەر ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر چۆنیەتی جێبەجێبوونی کاروبارەکان؟**

گەلی کورد لە عێراق دوو ڕۆڵ دەبینێ لە یەك کاتدا، یەکەمیان گوزەراندنی ژیانیانە لە ناوچەکەیان، ڕۆڵی دووەمیش ئەوەیە کە بوونەتە پردێك لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق هەربۆیە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە. ئەم ڕۆڵەش بەردەوام دەبێت چونکە هەر لەسەرەتای ڕووخانی حکومەتی پێشووەوە کورد بەشداربووەو جۆرێك خۆبەڕێوەبردنیان هەبووە، بەڵام بڕیاری جیابوونەوەیان نەداوە، بەڵکو بەشداریان کردووە لەم پڕۆژە گەورەیەدا، هەربۆیە سەرکۆمار کوردەو لە لیستە گەورەکانی پەرلەمانە کە لیستی کوردیە. سەبارەت بە ئیدارەی کوردیش پێمان وایە لە قۆناغی پێکهاتن و دروست بووندایە و تێهەڵکێش دەبێت بە تایبەت دوای بڕیاری یەکگرتنەوەیان، ئەم کارەش دەبێتە هۆی بەدیهاتنی حوکمێکی باشتر بۆ گەلی کورد و کرانەوەی ناوخۆ لەسەر گۆڕەپانی کوردی. بە پێی ئەزمونی خۆم دووشت کاردەکاتە سەر گەشەسەندنی دیموکراسی و پتەوکردنی ئیدارەیەکی باش ئەویش بریتیە لە باری ئەمنی و ململانێی ناوخۆی ئەو گەلەو کامڵبوونی، لە ناو گەلی کورد تا ئێستا کەلتوری شۆڕشگێرانە بوونی هەیە، کە ئەمەش ئاساییە چونکە ململانێی کۆنی کوردە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و ئاواتەکانی، پێم وایە ئەمەش کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سیاسەتی کوردی ناوخۆ، چەند دەوڵەتی عێراقی و دامودەزگاو وەزارەتەکانی کامڵ بێت کاریگەری دەبێت بۆسەر بارودۆخی ناوخۆی کوردستان و دڵنیابوونی گەلی کورد کە یەکێك لە قۆناغە بەردەوامەکانی شۆڕش کۆتایی هات، بۆیە ئاوڕ دەداتەوە بۆ باری ناوخۆو پێداویستیەکانی.

**لڤین: گەلی کوردستان ئومێدی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی هەیە، لەمبارەیەوە بۆچوونتا چۆنە؟**

جیفری: ئەبێت بگەینە شێوازێك کە جۆرێك لە خۆبەڕێوەبردن هەبێت لەگەڵ بوونی پەیوەندی لەگەڵ مەرکەز، تا ئێستا ئێمە دەستمان هەڵنەگرتووە لە یەکگرتوویی عێراق.

**لڤین: چۆمسکی کە بیریارێکی هاوچەرخی ئەمریکیە پێی وایە کە ئەمریکا بۆ ناوخۆی دیموکراتیەت پیادە دەکات بەڵام بۆ دەرەوەی خۆی دیموکراسی ناوێت، چی دەڵێن لەمبارەیەوە؟**

جیفری: وەکو چی؟

**لڤین: یەکێك لە بنەماکانی دیموکراتی داننانە بە بەرامبەر، بەڵام ئەمریکا ئامادە نیە بەرامبەرەکانی قبوڵ بکات؟**

جیفری: نا نا ئەمە پێناسەیەکی زۆر ڕووکەشیانەی دیموکراتیە، هەرچیەك لە گۆڕپانەکە هەیە من قبوڵی بکەم ئەمە دیموکراتیە؟! کارکاتیرێکم بینی لە یەکێك لە ڕۆژنامە عێراقیەکان تیایدا سەدام لە دادگا دەڵێت ئەگەر ئێوە دیموکراتین لێم گەڕێن با هەندێك عێراقی بکوژم. پێم وانیە ئەمە پێناسەی دیموکراتی بێت. دیموکراتی ئەوە نیە بەرامبەر هەرچیەك بکات قبوڵی بکەیت، بەرژەوەندی نێودەوڵەتی هەیە، دابونەریت و یاسای نێودەوڵەتی هەیە، ئاسایش و پێویستی دابینکردنی هەیە لە نێو سەرجەم گەلانی جیهان و زۆربوونی چەکی ئەتۆمی لە جیهان کە ڕەنگە ببێتە هۆی کارەسات بۆ سەرجەم گەلان.

**لڤین: ئایا ئەمریکا هیچ پڕۆژەیەکی هەیە بۆ گەنجانی عێراق کە چینێکی زۆر بێبەشن؟**

لە عێراق تەمەنی منداڵی دزراوە، پێشتر لەلایەن ڕژێمی پێشوو و ئێستاش لەلایەن تیرۆریستانەوە، ئەمەش تەنها ڕفاندنی ئێستا نیە بەڵکو ڕفاندنی داهاتووشە، هەروەها بوونی بیری خراپ لە زانکۆکان، بیستوومە کە لێکۆڵینەوەی زانکۆیی لەسەر بلیمەتی بیری سەددام و پیشاندانی وەك خوایەك هەبووە. یەکێك لە بوارەکانی ئەو کارە گشتیانەی کە بەدەستەوەیە پەیوەندی هەیە بە دابینکردنی ئازادی بیروڕا و گەشەپێدانی بیرو ئازادی ئەکادیمی کە لاوان زیاتر لە توێژەکانی دی کەڵکی لێوەردەگرن، هەروەها پڕۆژەی یارمەتیدان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەوانەش پڕۆژەی (فوڵ برایت) کە زنجیرە یارمەتیەکە بۆ ئەوەی لاوانی عێراق لە وڵاتە یەکگرتووەکان بخوێنن.